ئەنجومەنی نوێنەرانی بریتانیا دەنگی بە یاسای مردنی یارمەتیدەر دا

ئەمە هەینی 29ـی تشرینی دووەم، ئەنجومەنی نوێنەرانی بریتانیا بە زۆرینەی دەنگ پرۆژەیاسای "مردنی یارمەتیدەر"ـی تێپەڕاند کە تێیدا ئەو کەسانەی هیوای ژیانیان نەماوە و دەیانەوێت کۆتایی بە ژیانی خۆیان بهێنن، یاخود نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە دەتوانن داوای ئەوە بکەن کۆتایی بە ژیانیان بهێنرێت لەڕێگەی لەدانی دەرزی بە ئازار کە دوایی دەبێتە هۆی مردنیان.

بەگوێرەی میدیا ناوخۆییەکانی بریتانیا، دوای زیاتر لە چوار کاتژمێر لە تاووتوێکردنی پرۆژەیاساکە لەنێو پەرلەمانتارانی بریتانیا، پرۆژەیاساکە بەدەنگی 330 پەرلەمانتار تێپەڕێندرا، لەکاتێکدا 275 پەرلەمانتار دەنگی نەخێریان بە پرۆژەیاسەکەدا.

پرۆژەیاساکە چەند مەرجێکی تەدایە بە ئەوەی جێبەجێبکرێت، گرنگترینیان ئەوەیە کەسی نەخۆش بگوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی تەنها شەش مانگی مابێت لەژیاندا و هیوای ژیانی نەمابێت، دواتر کەسی نەخۆشی سەروو 18 ساڵ بێت و داواکاری پێشکەش دەکات بە بەکارهێنانی دەرزی یارمەتیدەر بە کوشتنی و لیژنەیەک لە دوو پزیشکی پسپۆر یا زیاتر دوای پێداچوونەوە لەسەر نەخۆشیەکە بیار لەسەر دەسیەکە دەدەن.

تێپەڕاندنی ئەم پرۆژەیاسایە لەکاتێکدایە جیاوازییەکی فراوان لە بۆچوونی پەرلەمانتاران و سیاسەتمەداران و چالاکوانان و هاوڵاتیانی بریتانیایە لەسەر یاساکە کە جێی مشتومڕە.